کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
22-5-2007 18:17 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

ڕیفراندۆم
Referendum

بزووتنەوەی ڕیفراندۆمی کوردستان
www. kurdistanreferendum. com

## ریفراندۆم هەموو سازشێک لەسەر (140) رەتدەکاتەوە

ئەگەرچی هەر لەسەرەتاوە بزووتنەوەی ریفراندۆمی کوردستان، پێی وابوو کە دەستووری هەمیشەیی عێراق، یەکێک لە مافە هەرە سەرەکیەکانی خەڵکی کوردستانی، کە مافی بڕیاردانی چارەنوسە لەخۆناگرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەمیشە جەختی لەسەر جێبەجێکردنی ماددەی (140) ی ئەو دەستوورە کردۆتەوە، چونکە ئەو ماددەیە پەیوەستە بەدیاریکردنی سنوری هەرێمی کوردستان و گەڕانەوەی کەرکوک و ناوچە دابڕاوەکانی تر بۆ سەر هەرێمی کوردستان. هەر ئەمەش بووە بزووتنەوەکەمان ئەمە بکاتە دروشمی سەرەکی چوارەمین کۆنفرانسی خۆی.
نیگەرانی ئەو قۆناغە لەوەدایە کە هاوکات لە وادەی جێبەجێکردنی هەنگاوەکانی ئەم ماددەیە، ژمارەیەک لە ناوەندە سیاسیەکانی عێراق و ناوچەکە، باس لەئەلتەرناتیڤی ماددەی ناوبراو دەکرێت و چەندین سیناریۆ و پێشنیاری تر دەخرێتە ڕوو، بەڵام ئاشکرایە هەر چارەسەرێکی ئەو پرسە، لەدەرەوەی ماددەی 140، بێجگە لەوەی پێشێلکردنی ئاشکرای دەستوری هەمیشەییە، لەسەر حسابی مافە ڕەواکانی خەڵکی کوردستانیش دەبێت.
بزوتنەوەی ریفراندۆمی کوردستان، لە کاتێکدا بەشێک لە بەرپرسیاریەتی ئەم دۆخە، دەخاتە ئەستۆی سەرکردایەتی سیاسی کوردستان، کە لەماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا، نەیتوانی کێشەی سنووری هەرێمی کوردستان بە ڕەسمی یەکلایی بکاتەوە و هەنگاوەکانی ماددەی (140) لەکاتی خۆیدا جێبەجێ بکرێن، لەهەمان کاتدا پشتگیریی خۆمان بۆ سەرکردایەتی سیاسی کوردستان دەربڕین لەپێناو سووربونیان لەسەر جێبەجێکردنی ئەو ماددەیەو بێ سازشکردن لەسەری. هەروەها بۆ رای گشتی کوردستان و عێراق و جیهانیش ڕادەگەیە نین، کە بزووتنەوەی ریفراندۆمی کوردستان جەخت لەسەر جێبەجێکردنی ئەو ماددەیە دەکاتەوەو بۆ ئەم مەبەستە هەموو تواناکانی خۆی دەخاتەگەڕ و لەبەرامبەر هەر سازشێک هەڵوێستی مێژوویی و بەکردەوەی خۆمان دەنوێنین.

بزووتنەوەی ریفراندۆمی کوردستان
2007 \5\20

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.